سەید حەکیم لەگەڵ بالیۆزی ڕووسیا چەنیەتی پتەوکردنی پەیوەندی دووقۆلی و گرنگی چاکسازی ئابووری و شایستەی هەلبژاردن تاوتوێ دەکات



بەڕێز سەید حەکیم، سەرکی هاوپەیمانیتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز (ئالبرس کەتراشیف)ی بالیۆزی ڕووسیای ئیتحادی لە بەغدا، هەروەها لەگەڵ ئەو پەیوەندی دوو قۆڵی بەغدا و مسکۆ و پێشهاتەکانی دەخەکە لەسەر گۆڕەپانی عیراقی و ناوچەکە تاوتوێ کرا.

لەم دیدارەدا، سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە ئەوەی عێراق لە سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و کەمەلایەتی جگە لە پێشکەوتنی بیناسازی و خزمەتگوزاری و گەشەپێدان لە زۆربەی پارێزگاکان بەخێوە بینیوە، دەبەتە هەکارێك بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو سەقامگیری و بنیاتنانە بکەین بەشێوەیەك کە پێگەی عێراق لەناوچەکە و لەسەر ئاستی جیهان پتەوتر بکات..

هەروەها ئاماژەی بە گرنگی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کرد وەک ساتەکی گرنگ کە سەقامگیریی بەردەوام دەچێسپێنێت و یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی سیستەمی دیموکراسی لە وڵاتدا و داوای بەشداریکردنیی بەرفراوان و هەشیارانەی لەم مافە نەتەوەییەدا کرد...

لە چوارچێوەی قسەکانیدا لەسەر چاکسازی ئابووری، سەید حەکیم جەختی لەسەر پێویستی هەماهەنگکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی کردەوە بۆ تێشک خستنە سەر پێنجینەی پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتیاری، وەبەرهێنان و تەکنەلەژیا، وەک بنەمایەکی پێویست بۆ بنیاتنانی ئابووریەکی نیشتمانی بەهێز و بەردەوام.